# نێچیری هەفتەی 33

## عەلی مەحمود محەمەد

–یەكێك لە سەركردەكان بڕیاری دا سندوقێك بۆ شكایەتی هاولآتییان بكرێتەوە دژ بە گەندەڵی و ڕۆتین , هەرچەندە بەرەو هەڵبژاردن دەڕۆین بەزمەكەی حیزبی كەرامەت و حیزبی سەلامەتە لە بەر خاتری مەرەكەبی قەد پەنجە كەڵەمان قەول و قەرار بارانە كرێین, نازانم چەندساڵ جارێك ئەو سندووقی شكایەتە دەخوێنرێتەوە ؟؟؟. 12 ساڵە لە ڕۆژنامەكانەوە كەس و كاری قوربانیان ڕیش سپی و پیاو ماقوڵان , خوێنەواران و نوسەران نامە دەنوسن , گلەیی و گازندە دەرەبڕن , هاوارە كەن و بڕیاری خۆسوتاندنە دەن ئێستاش نامەكانیان نەخوێنراپەوە . چ سندوقێك دەتوانێت دەردی ئەم چوار ملیۆنە بگرێت . بۆیە دەبێت لە هەر دەزگایەك تەنكەرێك داندرێت! . كوردستان لە بری سندوقی شكایەت پێویستی بە تەنكەری شكایەتە .

–پەیمانگای عەسكەری لە زاخۆ بانگەوازێكی ڕو لە قوتابیان بلآوكردەوە بۆ ئەوەی ناوی خۆیان بنوسن بۆ خولی داهاتووی پەیمانگاكەیان , تەواوی پێداویستییەكانی یەك بەیەك ژماردبوو كە پێویستە قوتابیان بهێنن یان تیایاندا هەبێت , تەنها ئەوەی لە بیرچوو بوو ڕونی بكاتەوە كە تەتوع كردن لە سوپای كوردستان بە تەسكیەیە یان بێ تەسكیەیە. چونكە لە كوردستان دەبێت هەموو كات دەفتەرێك تەسكیە و دەستەیەك وێنەی سەلكە سەركردەت لە گیرفانت بێت , دەنا ناتوانیت هەناسەش بكێشیت . بارەگای پارتی دەسەلآتدار بۆتە دوكانی ئاوزن بیرۆ(بیرۆی پەیدا كردنی كار بەهۆڵەندی) نەك شوێنی سیاسەت .

– نازانم ئێستا دیوەخان كردنەوە خێری زیاترە یان حیزب دروست كردن ؟؟؟. دروستكردنی پارتی نوێ مەرغوبترە یان كەرتكردنی پارتی هاوپەیمان .ئەگەر لەكوردستان شەفافیەت هەبوایە بە مانگانەی هەریەكەیان دەمانزانی . بەلآم ئەوەی دوو وشە لە سیاسەت سەری دەرچێت بە گوێرەی وێنەی دانیشتنی سەر سەتەلایتەكان بێت دەزانێت نەك دیوەخان بگرە مەوزینی مزگەوتیش خێری زیاترە لە پارتایەتی , قوڕ بەسەر ئەوەی پارت بۆ یەككرتنەوە دروست دەكات تا مردن دەبێت لە زیندانا لێ لێ بۆ قەرزاری بانگ بكات . ئەوانەی دەیانەوێت بە حیزب دروست كردن و لیست پڕ كردنەوە پێ بگەن بچن دیوەخانی عێل زیندوو بكەنەوە دەسكەوتی زۆرترە , مۆدێلی سیاسەت گۆڕاوە , ئەم سستەمە لە هەموان نوێترە.